09-03-2026

Research Center

# شەڕ و ژێرخانی نەوت؛ چۆن پێکدادانەکان ئاگریان لە کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرداوە؟

09-03-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ دا نەوەکو پریشکی ئاگرەکەیان بەرکەوت، بەڵکوو سەرچاوەی بژێوی و شادەماری ئابووریان بەرەو پەککەوتنە، ئێستاش کەوا جەنگەکە بەردەوامی هەیە رۆژ بە رۆژ لاوازییەکانی عێراق زیاتر دەردەکەوێت لە رووە جیاوازەکانی وەک دابینکردنی ئاسایشی بەرهەمهێنان، هەبوونی ژێرخانی گواستنەوەی نێوخۆی و جێگرەوەی رێڕەوی گواستنەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان.

## بەرایی

عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگدا، نەوەکو پریشکی ئاگرەکەیان بەرکەوت، بەڵکو سەرچاوەی بژێوی و شادەماری ئابووریان بەرەو پەککەوتنە، ئێستاش کەوا جەنگەکە بەردەوامە رۆژ بە رۆژ لاوازییەکانی عێراق زیاتر دەردەکەوێت لە رووە جیاوازەکانی وەک دابینکردنی ئاسایشی بەرهەمهێنان، هەبوونی ژێرخانی گواستنەوەی نێوخۆی و جێگرەوەی رێڕەوی گواستنەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان.

کۆمپانیای نەوتی بە بازاڕکردنی عێراق "سۆمۆ" بڕی نەوتی هەناردەکراوی لە رێگەکانی ئوم قەسر، بەندەری بەسرە و جەیهان لەگەڵ ناوی کەشتییەکانیش بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەڕێگەی ئۆم قەسر و بەندەری بەسرەوەیە بە تەنگەی هورمز تێدەپەڕێت و رێژەی 95% کۆی هەناردەکردن پێکدەهێنێت، واتە 5٪ لە دەرەوەی تەنگەی هورمزەوە بووە.

پێش جەنگ عێراق و هەرێمی کوردستان نزیکەی 4.65 ملیۆن بەرمیل نەوتیان لە رۆژێکدا بەرهەمدەهێنا، بەشێوەیەک هەرێمی کوردستان نزیکەی 300 هەزار بەرمیل و عێراق 4.35 ملیۆن بەرمیل. کەچی ئێستا ئاستی بەرهەمهێنان لە عێراق کەمبووەتەوە بۆ سەروو 1 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە و هەرێمی کوردستانیش بۆ خوار 70 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

رووبەکی دیکەی ئەم کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتە بۆ دەرەوە بەهۆی داخستنی تەنگەی هورمز و هێرشی میلیشیاکانەوە تەنیا زیانی رۆژانەی ئەو 220 ملیۆن دۆلارە نییە کە وەک داهاتی مانگانە و هاتنەوەی پارە بۆ عێراق تەماشا بکرێت وەکو ئەوەی بانکی ناوەندی ئاماژەی بۆ کردووە کە یەدەگی هەیە و دەتوانێت 12 مانگ بەشبکات، بەڵکو لە دیمەنێکی فراوانترەوە تەماشای بکەین ئەوا لێکەوتەی گەورەی لەسەر وەبەرهێنان لەم کەرتەدا دەبێت، بۆ نموونە راگرتنی بەتەنیا دوو گرێبەستی وەک بی پی و تۆتاڵ ئینرجی کە بەهاکەی 52 ملیار دۆلارە و دەکاتە سەروو نیوەی ئەو یەدەگەیە بانکی ناوەندی باسی لێوەدەکات، کە بەهۆی ئەم دۆخەوە لەوانەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

ئێستا، رۆژ بە رۆژ مەترسییە ئەمنییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونن بەهۆی جەنگی ئێران ـ ئەمریکا -ئیسرائیل وە، هەرچەندە ئەم مەترسیانە لەنێوخۆی وڵاتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش وایکردووە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان کارەکانیان رابگرن و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز کەمبکەنەوە و، هەناردەکردنیش زۆر کەمبێتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە دەرخەری لاوازییەکی دژ بەیەکی ژێرخانی لەرووی گواستنەوە و، مەترسییەکی درێژخایەنی کەرتی وزەی عێراق نیشان دەدات لەرووی دابینکردنی ئاسایشی کارکردنەوە بۆ بژێوی دانیشتوانەکەی.

## ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

زۆربەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت IOC کە لە کێڵگە نەوتی و گازییەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بڵاویان کردووەتەوە کەوا ئاستی بەرهەمهێنانیان راگرتووە بەهۆی زیادبوونی مەترسییە ئەمنییەکانەوە، یەکەم کۆمپانیای نەوتی گەڵف کیستۆنی بەریتانی بوو لە کێڵگەی شێخان، بەدوایدا دانەگاز لە کۆرمۆ، شاماران لە ئەتروش و سەرسنگ. هەرچەندە تاوەکو ئێستا دی ئین ئۆ نەرویژی لە کێڵگەی تاوکی و پیشخابوور راگەیاندراوی نەبووە، بەڵام ئەمیش بەرهەمهێنانی نەوتی راگرتووە.

لەنیو ئەو کێڵگە نەوتیانەی کەوا بڕێکی زۆر بەرهەمدەهێنێت لە هەرێمی کوردستان، کێڵگەی نەوتی خورمەڵەیە کە لەم ماوەیەدا بەهەمان هۆکار هەم راگرتنی بەرهەمهێنانی هەبووە و، هەمیش دووبارە دەستکردنەوە بە بەرهەمهێنان هەبووە. پێش جەنگەکە ئەم کێڵگەیە بەرهەمهێنانی 80 هەزار بەرمیل بووە لە رۆژێکدا، بەڵام لەم رۆژانەدا ئاستی بەرهەمهێنان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت کە رۆژ هەبووە 45 هەزارە، رۆژیش هەبووە 65 هەزارە. هەروەها، هەریەکە لە کێڵگە نەوتییەکانی وەک سەرقەڵا، هەولێر، بجیل و عەین سیفینی تاوەکو ئێستا راگەیاندراوی فەرمییان نەبووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان بەبڕی کەمترەوە بەردەوامن لە بەرهەرمهێنانی نەوت.

بەپێی داتا کۆکراوەکان ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەموو کێڵگە نەوتییەکان و، بە گازی کۆندێنسەیتی کۆرمۆرەوە لە پێش جەنگ نزیکەی 300 هەزار بەرمیل بووە، بەڵام ئیستا کەمبووەتەوە بۆ 69.5 هەزار بەرمیل نەوت، کە ئەم بڕەش رۆژانە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت بەهۆی نالەباری دۆخی ئەمنییەوە.

گرافیک 1: ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە پێش جەنگ و ئێستا دا


تێکرای بەرهەمهێنانی نەوت پێش جەنگ /بەرمیل –رۆژانە
تێکرای بەرهەمهێنانی نەوت ئێستا /بەرمیل –رۆژانە
Values
تێکرای بەرهەمهێنانی نەوت پێش جەنگ / بەرمیل ـ رۆژانە
تێکرای بەرهەمهێنانی نەوت ئێستا / بەرمیل ـ رۆژانە
بەرمیل رۆژانە
کۆی گشتی 69,500 303,028
خورمەڵە 50,000 80,000
پیشخاپوور 0 48,173
شێخان 0 41,560
ئەتروش 0 31,500
تاوکی 0 29,095
سەرسەنگ 0 22,000
کۆرمۆر 0 21,000
هەولێر 0 8,700
سەرقەڵا 7,000 8,500
عەین سفینی 6,500 6,500
بجیل 4,000 4,000
تەقتەق 2,000 2,000
کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان
کێڵگەی نەوتییەکان

سەرچاوە: راپۆرتی چارەکی کۆتایی 2025کۆمپانیاکان، عێراق ئۆیڵ ریپۆرت، گۆڤاری میس، کپلەر.

تێبینی 1، بڕی نەوتی کۆرمۆ "گازی کۆندینسەیت""، کە بەمدواییە لە 15.8 هەزارەوە بەرزبوە بۆ 21 هەزار بەرمیلی رۆژانە.

تێبینی 2، بڕی بەرهەمهێنان لە خورمەڵە رۆژانە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت، لەم گرافیکەدا 50 هەزار بەتێکڕا دانراوە

# بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق و هەرێمی کوردستان لەرێگەی سۆمۆوە

لەماوەی 15 ساڵی رابردوودا هەناردەکردنی نەوتی عێراق وەک ئەم رۆژانە کەم نەبووەتەوە، کە بەپێی دوایین لێدوانی بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی بەسرە  بڕی 2 ملیۆن بەرمیل کەمبووەتەوە و لە هەرێمی کوردستان بە بڕی  200 هەزار و زیاتریش کەمبووەتەوە. ئەگەر ئەم کەمبوونەوەش بەنرخی ئەم رۆژانە دابنین کە بۆ بەرمیلیک سەروو 100 دۆلارە، ئەوا رۆژانە 220 ملیۆن دۆلار زیانەکانییەتی و هەفتانەش دەگاتە 1.5 ملیار دۆلار.

لەراستیدا، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق رەنگە سەرەتا بەهۆی پڕبوونی ئەمبارەکان و داخستنی تەنگەی هورمزەوە بووبێت، بەڵام ئێستا کێشەی ئەمنی و دابینکردنی ئاسایشی کاری کۆمپانیا بیانییەکانیشی هاتووەتەسەر، هەربۆیەش سەرەڕای کردنەوەی کاتی و رێگەدان بەو نەوتەی بۆ چین دەڕوات لەلایەن ئێرانەوە عێراق بڕی هەناردەکردنی بە 2 ملیۆن بەرمیل کەمکردووەتەوە.

ئەم دوو هۆکارەش پێکەوە مەترسی تێپەڕبوونی کەشتییەکان بە تەنگەی هورمز و،  زیادبوونی هێرشەکان بۆ سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کەوا وەک کۆمپانیای سەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار دەکەن وایکرد ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بگاتە نزمترین ئاستی لەماوەی یەک دەیە دا و، زۆر کەم بکرێتەوە.

بەپێی دوایین داتاکانی سۆمۆ تاوەکو 28ی شوبات 2026 رۆژانە هەناردەکردنی هەر سێ جۆرەکەی نەوت (نەوتی خاوی بەسرە، نەوتی مامناوەندی بەسرە و نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان) بە بڕی 3 ملیۆن و 532 هەزار بووە، کە 198 هەزار بەرمیل رۆژانەی لە بەندەری جەیهان بووە و هی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بووە، واتە 3.3 ملیۆن بەرمیلی رۆژانەی لە بەندەری بەسرە و ئۆم قەسرەوە بووە، کە 97٪ پشت بە تەنگەی هورمز دەبەسێت بۆ هەناردەکردن بۆ بازاڕەکانی جیهان.

ئێستا، باس لە رێگەدانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەکەشتی بۆ چین دەکرێت لەرێگەی تەنگەی هورمزەوە، کە بەپێی داتاکان لە مانگەکانی سەرەتای ئەمساڵ دا بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بۆ چین نزیکەی 1 ملیۆن بەرمیل بووە، واتە هێشتا عێراق ناتوانێت 2.3 ملیۆن بەرمیل کە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان بووە هەناردە بکات.

گرافیک 2: بڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە چارەکی کۆتایی 2025 و چارەکی یەکەمی ئەمساڵ دا




سەرچاوە: بڕی هەناردەکردنی نەوت، کۆمپانیای سۆمۆ، رۆژی دەستختن 6ی ئادار 2026

تێبینی، مانگی ئادار 2026 لەسەر بنەمای خەمڵاندنی ئەو بڕەی ئەم رۆژانەیە کە هەناردە دەکرێت بۆ بازاڕەکانی جیهان.

# کۆتایی

بەردەوامی ئەم ناسەقامگیرییەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی وزە دروستبووە زۆر مەترسیدارە، چونکە جگە لە زەحمەتکردنی ژیانی رۆژانەی دانیشتوانەکەی و کەمبوونەوەی داهاتی دەوڵەتەکە، دەبێتەهۆی پاشەکشەیەکی گەورە لەڕووی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و وەبەرهێنان لە نەوت و گاز دا..

ئێستا، زیانەکانی داخستنی تەنگەی هورمز، ئەو درۆن و مووشەکانەی لەنێوخۆوە سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت باشووری عێراق بەئامانجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەگرنەبەر زۆر گەورە دەبێت و وادەکات ئەگەر رێگە بە کەشتییەکانیش لە تەنگەی هورمزەوە بدرێت، ئەوا نەوتی بەرهەمهێنراو نابێت، چونکە زۆربەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کارمەندەکانیان ناردووەتە ماڵەوە و بەرهەمهێنانیان راگرتووە.

ساڵانی رابردوو واژۆکردنی گرێبەستی زۆر گەورە لەم کەرتەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو وەک گرێبەستی کۆمپانیای بی پی لە کەرکوک، تۆتاڵ ئینرجی فەڕەنسی و شێڤرۆنی ئەمریکی لە بەسرە و زێقار، وەبەرهێنانەکانی ئیچ کەی ئینی ئەمریکی  و کرێسنت پیترۆلیۆمی ئیماراتی لە کێڵگەی گازی سلێمانی، کە ئەم دۆخەیە چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەکرێت لەوانەیە ببنە مەرەکەبی سەر کاخەز. ئەمەش سەرەڕای دووبارە پێداچوونەوە بەکارەکانی وەبەرهێنان لە هەڵکۆڵینی بیری نوێ و پەرەپێدانی کێڵگەکان بۆ زیاترکردنی بەرهەمهێنان وەک ئەوەی دی ئین ئۆی نەورویژی لە دهۆک و گەڵف کیستۆنی بەریتانی لە شێخان.

رەنگە ئاسایشی تەنگەی هورمز دابینبکرێت و بکرێتەوە و عێراقیش بتوانێت لەداهاتوودا قەرەبووی بڕی هەناردەکردن بکاتەوە، بەڵام ئەوەی قەرەبوو ناکرێتەوە و مەترسی گەورەیە لەسەر سێکتەری وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان میلیشیاکانە کە لەرابردوودا نەک مەترسی بوو بۆ سەر ژێرخانی وزەی هەرێمی کوردستان بەڵکو ئێستا شادەماری ژێرخانی نەوتی عێراق کە کێڵگەی ڕۆمیلەیە دەکەن ئامانج، کە ئەم کێڵگەیە یەدەگێکی 17 ملیار بەرمیل نەوتی هەیە و  رۆژانە 1.4 ملیۆن بەرمیلی لێوە بەرهەمدەهات، کە کۆمپانیای بی پی بەریتانی و پیترۆ چاینا لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی بەسرە بەڕێوەی دەبن. هەربۆیەش ئەو هێرشانەیە لەنێوخۆدا دەکرێت زیانێکی درێژخایەنی زۆر زیاتری لە زیانێکی کورتخایەنی رۆژانەی وەک داخستنی گەرووی هورمز دەبێت، چونکە دۆزینەوەی رێگەی جێگرەوە بۆ گواستنەوە نەوت چ بە تانکەر یان نوژەنکردنەوەی بۆریە کۆنەکانی گواستنەوە یان بنیاتنانی رێڕەوی نوێ بە بۆری لەماوەیەکی کورت دا بەدی دێت، بەڵام گەڕانەوەی ئەو ملیار دۆلارانەی وەبەرهێنانی دەرەکی قورس دەبێت.

لەکۆتاییدا، ئەم جەنگە راستییەکی دیکەی لەبارەی نەبوونی پلانی ستراتیژی و لاوازی ژێرخانی وزە لە عێراق دەخاتەڕوو، کە ئێستا دۆخەکە بەشێوەیەکە کەوا لەنێوەڕاست و باشووری عێراق نەوت هەیە و بۆری گواستنەوە و دەرچەی جێگرەوەی کەشتییەکانی تەنگەی هۆرمز نییە، لەبەرامبەردا و بەپێچەوانەوە لە هەرێمی کوردستان بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت بەبڕی رۆژانەی 1 ملیۆن بەرمیل و بەندەرێکی گەورەی وەک جەیهان هەیە، بەڵام نەوت نییە! ئەمەش سەرەڕای ئەوەی دژ بەیەکییەکی گەورە لە ستراتیژییەت و ژێرخانی پێشەسازی نەوت و گازی عێراق دەردەخات ، کە هەمووان پشت بە داهاتەکەی دەبەستن.